

# ڕۆب گرێ: سەرەتا نووسەرێك بووم بەپێی مۆدی ڕۆژ دەمنووسی

## وتووێژ لەگەڵ ئالان ڕۆب گرێ

**سازدانی: رامین جەهانبگلو**

**لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی**

***تۆ ساڵی ١٩٢٢ لە برێست لەدایک بووی. سەردەمی منداڵیت چۆن شکڵی گرت؟**

-من لە برێست لەدایک بووم. شەش مانگ لە برۆتاین دەمامەوەو شەش مانگی تر لە پاریس لە ئاپارتمانێکی سادە و ئاسایی لە گەڕەکی چواردەیەم. لەبەر ئەوەی باوکم لە پاریس کاری دەکرد، من هیچکات ساڵێکی تەواو لە برێست نەمامەوە، جگە لە سەردەمی جەنگ. خانوویەکمان لە برێست هەبوو، کە تەنها بۆ هاوینان بەکارمان دێنا. برێست ناوچەیەکی بوو و کەس بۆی نەبوو خانووی لێ دروست بکات، تەنیا چەند خانوویەکی بچووکی لێ بوو. بەرامبەر بە خانووەکە تەنها گۆڕەپانی پرۆڤە و راهێنانی سەربازەکان دەبیندرا، کە هیچ دیوارێکی نەبوو، ئەوێ وەک زەلکاوێک دەچوو، کە لە کۆتاییەکەیدا دەریایەک دەبیندرا.

***بیرەوەرییەکی تایبەتی ئەو سەردەمەت هەیە، لە جەنگی دووەمی جیهانی، باوک و دایکت، پێوەندییەکانتان؟**

-بەڵێ بەدڵنیاییەوە. ساڵی ١٩٤٢ من بیست ساڵم تەمەن بوو. باوک و دایکم راستگەرایەکی توندڕەو بوون و وەک سەرجەم خەڵکی فەڕەنسا لایەنگری پۆتن. بەجۆرێکیش حەزی فاشیستییان تێدابوو. تێکشکانی ئەرتەشی فەڕەنسا بە ئاشکرا شتێکی دڵتەزێن بوو بۆیان. خۆ ئەزانی ئەرتەشی فەرانسە بەتەواوی لە بەرامبەر ئەرتەشی ئەڵمانیادا تێکشکاو لەناوچوو. باوک و دایکم ستایشی ئەڵمانیان دەکرد، خۆشم هەروەها. هەربۆیە زۆرباش جەنگی دووەمی جیهانیم لەبیرەوە، لەبیرمە یەکەمجار چۆن ئەڵمانییەکان هاتنە ناوەوە. ئەبێ لەبیرتبێت من لە بەشێ لە کتێبی (ناوەوەی لابیرنێت) باس لە ماتۆڕێک دەکەم کە دووسەربازی ئاڵمانی لەسەرە. ئەمانە یەکەم ئەڵمانییەکان بوون کەمن دیمن.

***خۆ تۆ لایەنگری ئەڵمانییەکان نەبووی....**

بۆ نا؟ بۆ نا؟ بیرکردنەوەی من هەمان بیرکردنەوەی باوک و دایکم بوو... ئەوە بزانە بەشێکی گەورەی برۆتاین لە لایەن بەریتانیاییەکانەوە داگیرکرابووو خەڵکی برۆتاین بەریتانیاییەکانیان بە دوژمنانی راستەقینەی خۆیان دەزانی. دوای شکستی فەڕەنسا ئەم دۆخە زیاتر پەرەی سەند. لەبەر ئەوەی بەشێک لە بەریتانیاییەکان چالاکانە بەشداریی جەنگیان کردو بەشێکی تریان دواتر پەیوەستبوون بە جەنگەوەو لە «مێرسلی گەورە» هێزی دەریایی فەرانسەیان بەتەواوی تێکشکاند. نزیک بە دوو هەزار کەس لەم جەنگانەدا کوژران و ئەمە تاوانێک بوو کە هیچ کات خەڵکی برۆتاین لەبیری ناکەن و لێی نابوورن. لەلایەکەوە، باوک و دایکم رووحییەیەکی تەواو ئەورووپاییان هەبوو و خۆشم زۆر ئەورووپایی بیرم دەکردەوە. ئەوان ئەم باوەڕە گەورەیان هەبوو ئەگەر فەرانسەو ئەڵمان ببن بە هاوپەیمان دۆخی ئەورووپا زۆر باشتر دەبێت.

***ئەمە باوەڕی بیسمارک بوو؟**

-بەڵێ. باوک و دایکم لە سەر ئەو باوەڕە بوون ئەم جەنگە بەتەواوی جەنگێکی بێهوودەیە. پرسی گرنگ ئەوەبوو ئێمە لەبەر ئەوەی نەمانتوانی وەک پیرۆزو سەرکەوتوو لەگەڵ ئەڵمانیا ببین بە هاوپەیمان، کەوایە وەک شکستخواردوو لەگەڵ ئەڵمان بووین بە هاوپەیمان. دوو بیرکردنەوە ئەوکات، وەک روانگەی زاڵبوونیان هەبوو. جەنگ دژ بە بەریتانیاو خەبات دژ بە کۆمۆنیزم، کە هەردوو بیرکردنەوەکە بزوێنەری گرنگ بوون بۆ راستگەراکانی فەڕەنسا... هەڵبەت ئاشکراو دیارە ئێمە بیروبۆچوونی هیتلەرمان قبووڵنەبوو و هیتلەرمان بەلاوە پەسەند نەبوو. هیتلەر شێتێکی تەواو پەتیارە بوو. بەڵام تا ڕادەیەک بۆچوونەکانی مۆسۆلینی و فرانکۆمان بەلاوە پەسەند بوو، یانی ئەو کەسانەی بە دیکتاتۆری (ئارام) ناویان دەبراو لێبوردەیی زۆرتریان هەبوو، واتە جۆرێک رۆحییەی باوکانەیان هەبوو. فرانکۆ وەک پۆتن باوکێکی چاکەکار بوو، لە حاڵێکدا هیتلەر کەسایەتییەکی خوێنمژی هەبوو. ناسیۆناڵیستێکی شێت وەک سەدام حوسێن.

***ئەو سەردەم هەستتان بە دەربەستبوونی سیاسی دەکرد لای خۆتان؟**

-نە، تەنیا جۆرێک باوەڕی سیاسی بوو و کاتێک فەڕەنسا لە دەست نازییەکان هاتە دەرەوەو ئازاد کرا، ئێمەی رووی راست و واقعی نازییەکانمان زۆرتر

ئەو شتەی سەرنجی منی بۆ لای خۆی رادەکێشا و منی شەیدای خۆی دەکرد، هەمان کولتووری ئەڵمانی بوو، واتە ئەو ئەڵمانیایەی گۆتە و کافکا و هۆسرێلی پێگەیاندبوو، واتە ئەدەب و فەلسەفە و تەنانەت مۆسیقای ئەڵمانیا. من شەیدا و عاشقی ڤاگنەرم، هەڵبەت نەک خودی ڤاگنەر، بەڵکو مۆسیقاکەی

# دیدار

بۆ دەرکەوت. من وەک سەرجەم ئەو گەنجانەی ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووبوون دوورخرامەوە، نەک بۆ ئۆردوگای مەرگ، بەڵکو بۆ ئۆردووگای کاری زۆرەملێ. کەوایە ساڵ و نیوێک لە ئاڵمان ژیام کە هێشتا لە جەنگدا بوو. ئەڵمانیا وڵاتێک بوو بە ڕواڵەت خاوێن و ئارام، هەموو ریکلام و پڕووپاگەندەکانی ئەڵمانیا تایبەت بوو بە کار، بنەماڵە، ئەو منداڵە بچووکە موو بۆرانەی سروودیان دەخوێندەوەو ئەو کرێکارانەی پێمەڕەو بێڵیان لە سەر شان بوو. ئەم ریکلامانە لە راستیدا پێوەندیی هەبوو لەگەڵ جۆری واقعییەت و دەروونی راستەقینەی ئەم رژێمەدا. بەڵام ئەو شێتییەتییەی بەسەر رژێمی ئەڵمانیادا زاڵ بوو بە رواڵەت بە چاو نەدەبینرا. بە رواڵەت ئەم رژێمە رژێمێکی ئارام بوو کە تێیدا ئەمنییەت هەبوو و «رژێمی پۆلیسی» و دەسەڵاتی پۆلیسی بە رواڵەت بەرچاو نەبوو. رژێمی هیتلە زۆر وەک «سیستەمی پێشەنگ» دەچوو و چالاکیی گەنجەکان رواڵەتێکی ئارام و دڵنیاکەرەوەی هەبوو. لە حاڵێکدا لە رووسیا دەبینرا پۆلیس چی دەکات. بەڵام لە ئەڵمانیا نەدەبینرا. لە ئەڵمانیا زۆر بە وردی و بە بەرنامە کار دەکرا.

***بەڵام لە دەیەی ١٩٣٠دا بە ئاشکرا دەبیندرا پۆلیسی ئەڵمان چیدەکات...**

-بەڵێ لە سەرەتادا بەم شێوەبوو. واتە ئەو کاتەی هیتلەر دەسەڵاتی گرتەدەست، توندوتیژی بەئاشکرا دەبیندرا. بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٣٠ ئارامی و دڵنیایی زاڵبوو. خەڵکی ئەڵمان لە دڵەوە ناسیۆناڵ سۆشیالیست بوون. رژێمی ئەڵمان رژێمێکی سۆشیالیستی بوو، لەبەر ئەوەی پێشکەوتووترین جۆری ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی لە دونیادا هەبوو. هەڵاوسانی ئابووری و بێکاری نەدەبینرا، ئابووریی ئەڵمانیا لە دۆخێکی زۆر باشدابوو. کەوایە سەیر نەبوو ئەڵمانییەکانی شوێنەکانی تر، بۆ وێنە ئەڵمانییەکانی نەمسا، پێیان خۆشبوو پەیوەست ببن بە ئەڵمانیاوە، ئەو ئەڵمانیاییەی لەوپەڕەی سەرکەوتندابوو.

***لە کولتووری ئەڵمانیادا شتێک هەبوو کە سەرنجی ئێوە بۆ لای خۆی رابکێشێت، لایەنی یۆتۆپیاییەکەی؟**

-ئەو شتەی سەرنجی منی بۆ لای خۆی رادەکێشا و منی شەیدای خۆی دەکرد، هەمان کولتووری ئەڵمانی بوو، واتە ئەو ئەڵمانیایەی گۆتە و کافکا و هۆسرێلی پێگەیاندبوو، واتە ئەدەب و فەلسەفە و تەنانەت مۆسیقای ئەڵمانیا. من شەیدا و عاشقی ڤاگنەرم، هەڵبەت نەک خودی ڤاگنەر، بەڵکو مۆسیقاکەی. مۆسیقای ئەڵمان بەشێکی زۆری لە جیهانی مۆسیقای من گرتووەتەوە، بێتهۆڤن، باخ، ڤاگنەر، ماڵیر، شۆئنبێرگ.... بەڵام خاڵێکی تریش هەیە: لە سەردەمی منداڵیدا، من لایەنگری دەسەڵاتێک بووم لەسەر بنەمای پرەنسیپ و نەزم دامەزرابێت، لە حاڵێکدا لە کۆماری سێهەمی فەڕەنسادا هیچ نیشانە و هێمایەک لە پرەنسیپ و نەزم نەدەبینرا، رژێمێک بوو دەکرا زۆر ئاسان زیانی پێ بگەیەنیت. بەرەی خەڵکیش مردمی (Front Populaire) نەیدەتوانی هیچ شتێک رێک بخات، واتە نەیدەتوانی نەزم و پرەنسیپ بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگە. مانگرتنەکان، حزبە کۆمۆنیستەکان، هەموویان دەبن بە هۆی ترس و تۆقاندنی لایەنگرانی نەزم و پرەنسیپ. لە راستییدا لە فەڕەنسا شتێک نەبوو پێی بوترێ دەوڵەت، ئەو

# جەنگ لە ناودەقدا، واتە جەنگی دەق لەگەڵ خودی دەقدا

شتەی کە بوو گۆڕانی بەردەوامی دەوڵەتەکان بوو بەهۆی هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە....

زۆرباشە، ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ بۆچی فەڕەنساییەکان لایەنگری پۆتن بوون؟ لەبەر ئەوەی پۆتن زیاتر لە هەر کەسێک کۆماریخوازبوو. ئێستا ئەڵێن پۆتن ئەم کارەی کردو ئەوکارەی کرد، زوڵمی کرد، دەنگی خەڵکی لە قورگیاندا خنکاند، بەڵی ئەم کارانەی کردو کەس ناتوانێت نکۆڵی لەم شتە بکات. بەڵام پۆتن دەنگی خەڵکی فەڕەنسای بە ویستی خودی ئەو خەڵکە بێدەنگ دەکرد. ئەوە پەرلەمان بوو دەوڵەتی فەڕەنسای خستە بەردەم پۆتن و دای بەدەست پۆتنەوە. دەوڵەتی پۆتن دەوڵەتێکی یاسایی بوو. ئەوە نوێنەرەکان بوون هاتنە پەرلەمانەوەو هێزو دەسەڵاتیان دا بەدەست پۆتنەوەو خەڵکی فەڕەنسا ئەم کارەی پەسەندکرد. ٨٥ لە سەدی خەڵکی فەڕەنسا لایەنگری پۆتن بوون. کۆماری سێهەمی فەرانسە لە کۆتاییەکانی کاری خۆیدا دۆخێکی زۆر خراپی هەبوو، تووشی خراپترین جۆری شکست بووەوە. ئەو ئەرتەشەش کە فەڕەنسا بۆ جەنگ ئامادەی کردبوو، یەکێکی تر بوو لە کارە شیرینەکانی ئەم کۆمارییە. فەرانسە تووشی قەیران بووبوو و بەهۆی ئەو هاوپەیمانییەتییەوە کە بەستبووی ناچار بوو لە جەنگدا لایەنگری پۆڵەندا و شوێنەکانیتر بێت. بەڵام بە کامە هێز؟ هێزی ئاسمانی فەڕەنسا بەتەواوی بێسەرەو بەرەبوو و لێک هەڵوەشابووەوە.

دواتر فەڕەنسایان ناچار کرد لە میۆنیخ لەسەر کورسی وتووێژ دابنیشێت و پەیماننامەیەک واژۆبکات. لە راستییدا، وەک چۆن لئۆنبلۆم دەیگوت: ئەڵمانییەکانی باشووری رۆژهەڵات ئەڵمانین، ئەوان ئەگەر بیانەوێ بەناوی مافی مرۆڤەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەو مافەیان هەیە پەیوەست بن بە ئەڵمانیاوە. دواتر پەیماننامەی ڤێرسای کە هەڵەیەکی گەورە بوو و ئێستاش کە ئێستایە ئەنجامە خراپەکانی دەبینین. ئامانجیان ئەوەیە ئەڵمانیایەکی شکستخواردوو لەیەک هەڵوەشێننەوە، کە خۆی لەخۆیدا جۆرێک سووکایەتییە. هیتلەر ئەنجامی پەیماننامەی ڤێرسای بوو، لەبەر ئەوەی پەیماننانەی ڤێرسای دەیویست بەستێن ئامادەبکات بۆ سووکایەتی پێکردن بە ئەڵمانییەکان. کەوایە شتێکی روون بوو وەها کەسایەتییەک درووستدەبێت.

***ئاخۆ ئەوەی کە تۆ هۆگری پرەنسیپیت ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ هۆگری زانستی؟**

-لە راستیدا نازانم. لەبەر ئەوەی من ئێستا هۆگری زانستم. بەڵام پرەنسیپ و نەزم کەمتر.

من بەو هۆیە ئاماژە بەم شتە دەکەم لەبەر ئەوەی دواتر بوو بە کەسێکی یاخی و سەرکەش، هەم لە کاری رۆماننووسیندا و هەم لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانتدا.

من دوای رووخانی رایشی سێهەم بەو شتە گەیشتم کە نەزم و پرەنسیپ شتێکی مەترسیدارە، شێتێتییەکی ترسێتەر، هەمووان لایان وابوو ئۆردووگاکانی مەرگ ئۆردووگاکانی کارە. هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردووە ئەم ئۆردووگایانە لە راستییدا ئۆردووگای مەرگن و ئەڵمانییەکان یان ئەم شتەیان نەدەزانی یان ئەوەیە بە ئەنقەست خۆیان بێدەنگەیان هەڵدەبژارد و خۆیان لێ کەڕ دەکرد. هەڵبەت لە لایەکی تریشەوە ئەبێ ئەوە بڵێن لە خاکی ئەڵمانیادا هیچکات «ژووری گاز»

ڤالێری وتوویەتی: «دووشت هەڕەشە لە دونیا دەکەن و مەترسین بۆ دونیا: نەزم و بێنەزمی.» سەرجەم رۆمانەکانم ئەم شتە دەخاتە روو. جەنگی نێوان نەزم و بێنەزمی



بوونی نەبووە. «ژووری گاز» تەنها لە پۆڵەندا بوونی بوو.

***بەڵام هەر ئەم برینانە بوو هانی دای بنوسیت و ببیت بە نووسەر. بیر لە رستەیەک دەکەمەوە کە ئادۆرنۆ وتوویەتی: «دوای ئاشویتس نووسینی چیرۆک یان شیعر کارێکی بێهوودەیە.»**

-ڤالێری وتوویەتی: «دووشت هەڕەشە لە دونیا دەکەن و مەترسین بۆ دونیا: نەزم و بێنەزمی.» سەرجەم رۆمانەکانم ئەم شتە دەخاتە روو. جەنگی نێوان نەزم و بێنەزمی. سەیر ئەوەیە کلۆد سیمۆنیش ئەم رستیەیەی ڤالێری لە یەکێک لەرۆمانەکانیدا بەکار هێناوە. بۆ وێنە یەکێک لە لایە نە دیارەکانی رۆمانی ئیرەیی (La Jalousie) زەین و بیرکردنەوەیەکی داگیرکەرە، کە هەوڵی ئەوەیە نەزم و پرەنسیپ دابمەرزێنێت. لە راستیدا، ئەو شتە لەبەر ئەوەی دار مۆزەکانی دەژمێرێت، لەحاڵێکدا هیچکات کەسێک کە داری مۆز دەچێنێت دار مۆزەکانی ناژمێرێت. لە زەینی ئەم بگێڕەوە نادیارەدا جۆرێک «تێکچوونی دەروونی» (nevrose) ئامادەیی هەیەو هەموو شتەکانی دەورووبەری بێنەزمە، واتە رەشپێستەکان، سروشتی ئیستوایی، ژنەکەشی، هەموو ئەمانە بەلای ئەوەوە بێنەزمە. من لام وایە لە سەرجەم رۆمانەکانمدا ئەم شتە دەبیندرێ. جەنگ لە ناودەقدا، واتە جەنگی دەق لەگەڵ خودی دەقدا.

# ێستا دەتوانم لە ڕێگەی کاری نووسینەوە بە ئاسانی بژیویی ژیانم دەربێنم

***هەر بۆیە دەربارەی تۆ دەکرێت بڵێین ڕۆماننووسێکی هێگلیت؟**

-بەڵێ، بە دروستی وایە.

***ئاخۆ زۆر لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەدا بووی؟**

-من فەلسەفەی ئەڵمانیم لە ڕێگەی سارترەوە ناسی. سارتر بانگەشەکەر و بڵاوکەرەوەیەکی گەورە بوو. لە ڕێگەی سارترەوە بوو ئەودەم دەکرا سێ تا (H)ەکە بناسیت: هێگل و هۆسرێل و هایدگەر. سارتر چەند وتارێکی کورتی هەیە دەربارەی هۆسرێل کە بۆ خەڵکی عادی و ئاسایی نووسیوەو لە بەشی یەکەمی کتێبی «دۆخەکان»دا چاپ و بڵاوبووەتەوە. من لێرەوە بوو دەستم پێکردو دواتر دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمە گرنگە فەلسەفییەکان.

***سەرەتا دەستت کرد بە فەلسەفە و دواتر ئەدەب یان بە پێچەوانەوە، یان ئەوەی هەردووکیانت هاوکات دەست پێکرد؟**

-من هاوکات خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفە و ئەدەب دەبووم. لام وابوو هەردووکیان ئاماژە دەدەن بە یەک شت و لە خاڵێکدا بە یەک دەگەن. بۆچی سەرەنجام دەستم کرد بە نووسینی ڕۆمان؟ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم وەڵام بدەمەوە بەم پرسیارە کە من چیم و لێرە چی دەکەم؟ ئەمە پرسیاری سەرەکیی مێتافیزیکی و جیهان ناسییە: من چیم و لێرە چی دەکەم؟

ئەگەر سەرەتا وا دەردەکەوت تێگەیشتن لە ڕۆمانەکانی من دژوارە، لەبەر ئەوەبوو سەرەتا من نووسەرێک بووم بە پێی مۆدی ڕۆژی دەمنووسی. خوێنەرم نەبوو و ئەمە شتێکە بڕوای پێناکرێت، بڕوا هەڵنەگرە. زۆر وتاری تێر و تەسەلیان دەربارەی من دەنووسی بەوەی بیسەلمێنن شێتم و بەرهەمەکانم بۆ خوێندنەوە نابن. دیارە نووسەرانێکی وەک ڕۆلان بارت، ژنێت و بلانشۆ وتاری سەرنجڕاکێشیان دەربارەی بەرهەمەکانم نووسی، بەڵام نووسراوەکانیان لەو گۆڤارانەدا بڵاودەبووەوە، کە کەمترین کاریگەریی لەسەر خەڵک بە گشتی هەبوو.

ئەوە هەفتەنامەکان خوێنەر بۆ نووسەر کۆدەکەنەوە. سەرجەم ئەو وتارانەی دەربارەی من دەنووسران ئەوەندە رووخێنەر بوون ئەو کاتەی ڕۆمانی «ئیرەیی»چاپ بوو، کە سێهەم ڕۆمانی من بوو، زۆر نەفرۆشرا، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر ناوی دەرکردبوو. واتە تەنها ٣٥٠ دانەی لە ساڵێکدا لێ فرۆشرا. لە حاڵێکدا ئێستا ئەم کتێبە لە ساڵدا ٥٠٠٠ دانەی لێ دەفرۆشرێت. خوێنەرەکان دواتر زانییان ئەم ڕۆمانە چییە، یانی ئەو کاتەی کاتی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو. من ئێستا دەتوانم لە ڕێگەی کاری نووسینەوە بە ئاسانی بژیویی ژیانم دەربێنم، بەڵام نووسەرێک نیم بە پێی مۆدی ڕۆژ بنووسم.

***لە ڕاستییدا بەر لەوەی لای خوێنەر شتێک شکڵ بگرێت، لە ناو خودی ڕووناکبیراندا شەپۆلێک درووست بووبوو و ڕۆمانی نوێ بووبووە باو(مۆد)، وا نییە؟**

-ژان کوکتوو وتوویەتی دەبێ خۆمان لە دەست ئەم شەپۆلانە ڕزگار بکەین و دوای نیشتنەوەی (شەپۆل) درێژە بە مانەوەی خۆمان بدەین. ڕۆمانی نوێش بەم شێوە مایەوە. ڕۆمانی نوێی نووسەرانی تریش هەر بەم شێوە. بۆ وێنە مارگریت دۆراس لەو نووسەرانەیە قورس دەنووسێت، بەڵام ئێستا ڕۆمانەکانی ئەو لە

سەرجەم
ئەو وتارانەی
دەربارەی من
دەنووسران
ئەوەندە
رووخێنەر
بوون ئەو
کاتەی ڕۆمانی
«ئیرەیی»چاپ
بوو، کە
سێهەم ڕۆمانی
من بوو، زۆر
نەفرۆشرا،
سەرەڕای
ئەوەی کە
زۆر ناوی
دەرکردبوو
واتە تەنها
٣٥٠ دانەی لە
ساڵێکدا لێ
فرۆشرا. لە
حاڵێکدا ئێستا
ئەم کتێبە لە
ساڵدا ٥٠٠٠
دانەی لێ
دەفرۆشرێت

# دیدار

لیستەی پڕفرۆشترین ڕۆمانەکاندایە.

***ڕەنگە لەبەر ئەوەی تێنەگەیشتنی زۆر هەبوو دەربارەی ڕۆمانی مۆدێرن، ناچار بوون وتاری ڕەخنەگرانی زۆر بنووسن دەربارەی ڕۆمانی مۆدێرن؟**

-بەڵێ، ئەو وتارە ڕەخنەگرانەیەی لەم بوارەدا نووسیم زۆر سادە بوون، لەبەر ئەوەی لایەنی ریکلامیان تێدا بوو و هەر ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی تێنەگەیشتن یان خراپ تێگەیشتنی زۆرتر دروست بێت. بۆ وێنە خودی خۆم گرنگیی زۆرترم دەدا بە ڕۆمانەکانم و ئەو دەقانەی کە بۆ چما وەک تیۆری نووسیبوومن زۆر بە لامەوە گرنگ نەبوون.

بەلای منەوە تیۆری ئەدەبی وەک هەر زانستێکی تر، جۆرێک چوارچێوەی ئەدەبییە، جۆرێک لێکۆڵینەوە یان تێفکرینی ئابستراکت. بەڵام ناتوانیت بە تەواوی دەربڕی حەقیقەتی ئەدەب بێت. تیۆری ئەدەب لە خودی ئەدەبدایە. بۆ وێنە لە ناو کتێبەکانی مندا، کتێبە «دەربارەی ڕۆمانی نوێ (Pour un nouveau roman) «زۆرترین فرۆشی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بوو. بەڵام تێنەگەیشتن یان خراپ تێگەیشتن بەهۆی نووسراوەکانی ئەوانی ترەوە زۆر خراپترە. بۆ وێنە، پرسی «دەرهەست بوون «ئۆبژەکتیڤتە»، من هەر لە سەرەتاوە، واتە لە هەمان ساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠وە، دژایەتیی خۆم لەگەڵ «ئۆبژەکتیڤیتە» (دەرهەست بوون) دەربڕیوە.

من بە هیچ شێوەیەک نامەوێ نووسەرێک بم دەرهەستگەرا و دەبێ ئەم خاڵە لە بەرچاو بگرین ڕۆمانی نوێ خوازیاری زەینگەراییە. لە ریالیزمدا سەرجەم چەمکەکان تۆکمە و یەکدەستن، جیهان یەکدەستە، بگێڕەوە توانای گشتە، کە وایە خوێنەر بە تەواوی باوەڕ دەکات. بۆ وێنە بەلزاک لە بەرهەمەکانیدا ئەو باوەڕە دروست دەکات. واتە کە چیرۆکەکەی دەخوێنیتەوە باوەڕی پێدەکەی. بەڵام لە ڕۆمانی «نامۆ»ی ئەلبێر کامۆدا ناتوانی باوەڕ بکەی. واتە یەکێک لەو شتانەی خوێنەری بەرهەمی نووسەرانی ڕۆمانی نوێ بە ئاشکرا تووشی کێشە دەکات و خوێندنەوە بەلایانەوە دژوار دەکات ئەوەیە کە دەقەکە هەموو کات وەک تەڵەیەک دەتەقێتەوە. واتە خوێنەر ناتوانێت باوەڕ بەو دەقە بکات کە دەیخوێنێتەوە. کۆمەڵێک شت دەردەکەوێ و پەردەیان لە سەر دادەماڵدرێ و دواتر هەموو ئەو شتانەی دەرکەوتوون لە تاریکدا ون دەبن و لە بەرچاو نامێنن... بەڵام دەربارەی ریالیزم، ریالیزم ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی تەواوە بەسەر چەمکەکاندا، واتە دونیا بە تەواوەتی مانای هەیە ریالیزم بریتییە لە دۆزینەوەی ئەم چەمکەو وەسفی کردنی. بەڵام ئەوە شتێکی ڕوونە واقعگەرایی (ریالیزم) لەگەڵ واقع دوو شتی تەواو جیاواز لە یەکترن و ریالیزم هیچ پێوەندییەکی نییە بە واقعەوە. بۆ وێنە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانەکانی بەلزاک کارەکتەر یان کەسایەتیی چیرۆکە. ئەم «کەسایەتییە» بەشێکە لە ریالیزمی بەلزاک، واتە دیاردەیەکی تۆکمەو یەکدەست بە تەواوی تایبەتمەندییەکانی شی دەکاتەوە. بەڵام ئەم کەسایەتییە بوونی واقعی نییە، واتە لە ڕاستییدا بوونی نییە. دەتوانین بڵێین واقع لە پرەنسیپی دەروونشیکارانەی جیهان نزیکترە. بۆ وێنە ئەو کاتەی پاڕادۆکسی کانتی لە ڕۆماندا بوونی هەیە، دەڵێن ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی ریالیستی نییە. ئەگەر وایە جیهانیش دیاردەیەکی ریالیستی نییە، لەبەر ئەوەی پڕە لە ناکۆکی و پاڕادۆکس،

# زۆر سەیرە ١٥٠ ساڵ دوای هێگل، ئایدیۆلۆژیای ریالیستی هێشتا زاڵە

ئەو پارادۆکسانەی کۆتایی نایەت. زۆر سەیرە ١٥٠ ساڵ دوای هێگل، ئایدیۆلۆژیای ریالیستی هێشتا زاڵە... فلۆبێر ریالیست بوو لە بەر ئەوەی وەک خودی من زۆر بە وردی وەسفی شتە وردەکانی دەکرد. بەڵام ئەمە هەموو ریالیزم نییە. لە چیرۆکی فلۆبێردا بۆشاییگەلێک هەیە و ئەمە ناکۆکە لەگەڵ ریالیسم. لەبەر ئەوەی لە ریالیزمدا ژینگەی چیرۆک دەبێت یەکدەست بێت. فلۆبێر زۆر جار لە نووسراو و نامەکانیدا ئاماژەی بەم خاڵە داوە، کە چ پێوەندییەکی ئاڵۆز هەیە لە نێوان نووسینی چیرۆک و ریالیزمدا. فلۆبێر لە نامەیەکدا بۆ لۆیز کوولە دەنووسێت بڵاوکەرەوەیەک پێی وتووە دەیەوێ مادام بۆڤاری بە وێنەوە بڵاو بکاتەوە ئاخۆ فلۆبێر رێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە وێنەوە پێ دەدات؟ ئەم پێشنیارە دوای دادگایی کردنی فلۆبێر پێشکەش کرابوو، واتە ئەو سەردەمەی فلۆبێر بووبوو بە کەسایەتییەکی ناسراوی پاریسی. دەبێ بوترێ فلۆبێر ئەم پێشنیارە قبووڵ ناکات. ئەو دەنووسێت ئەم بڵاوکەرەوە دەیەوێ ئەو شتانە بە وێنە نیشان بدات، کە من زۆرم هەوڵ داوە هەتا دایانپۆشم، کە وایە لەوێش ئەم ناکۆکییەی نێوان نیشاندان و شاردنەوە بوونی هەیە. لەچکە (حیجاب (voilement)و داماڵینی حیجاب (devoilement)، ئەو شتەی هایدگەر باسی لێوە دەکرد. ئەمە راستییەکە وەسفی ئەدەبی نایخاتە روو و ئاشکرای ناکات، بەڵکو دەیشارێتەوە. وەسفی ئەدەبی کڵاوەکەی شارل بۆڤاری لە رۆمانی فلۆبێردا بە تەواوی دژە ریالیستییە. سەرەتا کۆمەڵێک هێڵ دەکێشرێنەوە کە ئیلهامیان لە وەسفی بەلزاکی وەرگرتووە. وەسفە گشتییەکان بە بەکاربردنی سیفەتە پڕ لە ماناکان. فلۆبێر دەست دەکات بە وەسفی چین بە چینی کڵاوەکە، بۆ وردبینییەکی تەواوەوە بەم کارە ئایدیای کڵاوەکە ئەوەندە بەربڵاو دەبێتەوە کە سەرەنجام تەواو فەزای چیرۆکەکە دەگرێتەوە. بگێڕەوە بە هۆی ئەم شتەوە لە چیرۆکەکەدا مانای هەیە و ئەمە راست ئەو شتەیە کە رەخنەگرانی چیرۆک لە بەرچاویان نەگرتووەو هەڵسووکەوتێکی جیدییان لەگەڵ ئەدەب نەبووە. بۆ وێنە دەڵێن ئێمە سەرەتا ئۆبژەکتیڤ (عینیت گرا) بووین و ئێستا بووین بە زەینگەرا، لە حاڵێکدا ئەوە بۆ سی چل ساڵ دەبێت من تەنها گرنگیم بە زەین داوەو ئەمەشم بە ئاشکرا وتووە. ئەم خراپ تێگەیشتنە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی بەردەوامی ناو دەق. لە رۆمانی «ئێرەیی» یان تەنانەت «چاوچنووک» (La Voyeur)دا بە تەواوی ئەم زەینی بوونە و زەینی گەراییە رەنگی داوەتەوەو بە روونی دیارە. بەڵام لە هەمانکاتدا، هەردوو رۆمانەکە، هاوکات هەم زەینییەتگەرایە و هەم عەینییەتگەرا واتە پشتی بە شتەکان بەستووە. رەخنەگرانی فەڕەنسایی دەربارەی دیاردەناسی قسەیان دەکرد، بەڵام تێگەیشتنی دروستیان لە دیاردەناسی نەبوو. لای ئەوان هەر دیاردەیەک لە خۆیدا شتێکە جیاواز لەو شتەی بینەرێکی دەرکی دەیبینێت. لە کاتێکدا هۆسرێل بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە دیاردەناسی بریتییە لە مەبەستدارێتی کەسێک کە خۆی لە دیاردەدا دەنوێنێتەوە. جووڵەی ویژدان لە فەلسەفەی هووسێرلدا بریتییە لەو جووڵەی بیرانەوە خۆی دەردەخات و جیهان دەنوێنێتەوە. لە حاڵێکدا بزووتنی ویژدان لە فەلسەفەی کانتدا بزووتنێکە روو لە ناخ. من لە باسی چیرۆکێکدا

یەکێک لەو شتانەی خوێنەری بەرهەمی نووسەرانی رۆمانی نوێ بە ئاشکرا تووشی کێشە دەکات و خوێندنەوە بەلایانەوە دژوار دەکات ئەوەیە کە دەقەکە هەموو کات وەک تەڵەیەک دەتەقێتەوە. واتە خوێنەر ناتوانێت باوەڕ بەو دەقە بکات کە دەیخوێنێتەوە

هەر ئەم دیاردەناسییەم بەکارهێناوە، بەڵام نەک بە مانا هوسێرلیییەکەی. واتە لە وەسفەکەی مندا شت لە دواییدا دەبێت بە خەیاڵ، چونکە وەک هوسێرل دەڵێت دەرهاوێژیی مەبەستدارانە لە هەموو بوارەکاندا دەتوانێت رووبدات، تەنانەت لە جیهانی خەیاڵسازیشدا (imaginaire).

***گۆڵدمەنیش وتارێکی دەربارەی تۆ نووسیوە لەو وتارەدا ئاماژە دەدات بەم پرسی دەرهەستگەرایییە...**

-گۆڵدمەنیش پەرەی بە خراپ تێگەیشتێکی تردا. گۆڵدمەن بیردۆزێکی گەورەی مارکسیست بوو، بەڵام بە رادەی پێویست دەربارەی ئەدەب هەستیار نییە. یەکێک دەیگێڕایەوە گۆڵدمەن کتێبێکی دەربارەی راسین بڵاوکردووەتەوە بە ناوی خودای شاراوە (Le Dieu Cache)، سەیر ئەوەیە نەیتوانیوە لە مۆسیقای شیعرەکانی راسین تێبگات و هەستیان پێبکات، لە راستییدا، گۆڵدمەن بەرامبەر بە مۆسیقای شیعرەکانی راسین بە تەواوەتی بێ هەست بووە. من لەسەر ئەو باوەڕەم گۆڵدمەن لە گۆشەنیگایەکی زەینیی تەواو بەرتەسکەوە هەر ژانرێکی ئەدەبی و هونەریی لێکداوەتەوە و هەڵسووکەوتی کردووە لە گەڵیان. گۆڵدمەن بابەتێکی بە تامی دەربارەی من نووسی...

***لە راستییدا پرسی راستەقینە لای ئەو تەنها پرسی ریالیزم بوو و جگە لەمە هیچ شتێک بە لایەوە گرنگ نەبوو...**

-بەڵێ، زۆر راستە، گۆڵدمەن بەر لە هەر شتێک جەختی لەسەر واقعە کۆمەڵایەتییەکان دەکردەوە. بۆ وێنە نووسراوەکانی دەربارەی کتێبی «چاولەوەڕێن» زۆر سەیرە.

***بەڵام وەک شتێ خۆشت لە شوێنێک وتووتە تۆش بووی بە قوربانی جۆرێ وەهمی ریالیستی، وا نییە؟ بۆ وێنە لە «چاولەوەڕێن»دا.**

-بەڵێ وایە.

***بەڵام بەرهەمەکانت هیچ کات دەربارەی واقعی پەتی نەبووە.**

-نە بەرهەمەکانی بە شێوەیەک سەرلەنوێ بونیادنانەوەی واقعن.

***لە راستیدا تۆ واقعی دەرونشیکاریی خۆت بە خاڵی بەرامبەری ریالیزم دەزانی.**

-من ریالیسم خۆی بە بەرامبەری واقع دەزانم. لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو باوەڕەم واقع شتێکی سەیر و سەمەرە و نەناسراوە، کە فام ناکرێ و هەموو دەم لە گۆڕاندایە. لەحاڵێکدا ریالیزم جۆرێک مێتافیزیکە. لە راستییدا ئەوە ریالیزمە جووڵە دەبەخشێت بە چیرۆک.

***بەڵام لەو رووەوە ئاماژە دەدەی بە پێوەندیی نێوان حیجاب و لابردنی حیجابی هایدگەری، من گومانم هەیە بەوەی پرسی حەقیقەت گرنگ بێت بە لای نووسەرەوە، ئاخۆ نووسەر دەبێ لە پشتی واقعەوە بە دوای راستیدا بگەڕێت؟**

-من باوەڕم بە راستی نییە. واتە لەسەر ئەو باوەڕە نیم حەقیقەتێکی رەها و موتڵەق بوونی هەیە و بەس. من باوەڕم بە فرە چەشنی راستییەکان هەیە، ئەو حەقیقەت و راستییانەی کە لەگەڵ یەک ناکۆکن و دژ بە یەکن. لە راستییدا چەمکی حەقیقەت لەم جیهانە بە کەڵکی هیچ نایەت و تەنها بۆ زوڵم و ستەم باشە. (بە دەربڕینێکی تر دەسەڵاتە تۆتالیتار و ستەمکارەکان کەڵک لە چەمکی حەقیقەت وەردەگرن بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر و لایان وایە حەقیقەتی رەها لای ئەوانە. ئەمە هەمان بۆچوونی

# تەنها دەسەڵاتە سەرەڕۆ و شێتەکانن بانگەشەی ئەوە دەکەن حەقیقەت لای ئەوانە

کامۆیە کە دەیگوت بە دڵنیاییەوە ئەگەر حەقیقەتێک هەبێت لای ئەوانە نییە کە لایان وایە حەقیقەتیان لایە. و-ک). تەنها دەسەڵاتە سەرەڕۆ و شێتەکانن بانگەشەی ئەوە دەکەن حەقیقەت لای ئەوانە. هایدگەر باس لە حەقیقەتی سروشت دەکات.

***سروشتی مرۆڤایەتی یان خودی سروشت؟**

-سروشت، خودی سروشت. تەنانەت سروشتی ئینسانیش وەک هەمان سروشت دەچێت. ئەگەر کەسێک لای وایە ئەوە شتێکی سروشتییە پیاوان بەسەر ژناندا زاڵ بن و ئارییاییەکان فەرمان بدەن بەسەر جوولەکەکاندا، لە دونیا بێئاگایە و لە دونیای وەهم و خەیاڵدایەو بەم زووانە لەم دونیا وەهمییە نایەتە دەرەوە.

***هەر بۆیە تۆ ژن وەک رەمزی نیگەتیڤی هێگلی لە کتێبی «ریفلێکسی ئاوێنە (Le Miroir qui Reviou) بەکار دەبەی؟**

-ژن هەموو دەم لە ئەدەبی رۆژئاواو تەنانەت ئەدەبی رۆژهەڵاتیشدا بە هۆکاری بێ نەزمی و بێ سەروبەرەیی ناسراوە. بەڵام کەسانێکیش بوون کە مانایەکی جیاوازیان لە ژن داوە بە دەستەوەو ژنیان وەک رۆحی ئازادی پێناسە کردووە، بۆ وێنە میشلە. بە تێڕوانینی من میشلە پرەنسیپی زاڵی بەرهەمی رەگەزی سپییە و ئەوەی بەرهەمی رەگەزی سپی نەبێت، بە بێ نەزم دەناسرێت. ئەو فیلمەی من بە ناوی «لە سەراولێژی چێژدا» دروستم کردووە، لە راستیدا هەڵهێنجانێکە لە کتێبی «ساحیرە» بەرهەمی میشلە.

***بەلای تۆوە جووڵاندن (provocation) شێوەیەکە بۆ هەڵهاتن لە ریالیزم؟**

-بەڵێ، بێگومان. من زۆر حەز دەکەم ئەو شتە بڵێم کە نابێ بوترێت. بۆ وێنە لە فەڕەنسادا بۆمان نییە بڵێین ژووری گاز بوونی نەبووە. من خۆم لام وایە ژووری گاز بوونی هەبووە، بەڵام لە لایەکەوە حەز ئەکەم بڵێم بوونی نەبووە لە بەر ئەوەی مافی ئەوەمان نییە بڵێین بوونی نەبووە. ئەمە شتێکی سروشتی نییە یاسا باسکردن لەم شتە قەدەغە بکات!

***لە راستییدا لە مانگی مای ١٩٦٨دا دروشمێکی لەم جۆرە هەبوو: «با قەدەغەکردن قەدەغە بکرێت.»**

-بەڵێ، قەدەغەکردن شتێکی هەژێنەر و سەرسوورهێنەرە. خۆ دەزانی ژوورێکی گازی تەواو درۆینەیان دروستکردووە بەوەی نیشانی گەشتیارەکانی بدەن. من بیستوومە ڤیدال ناکە (Vidal-Naquet) مێژوونووسی جوولەکە وتوویەتی: «بەڵێ، ئەم ژووری گازانە دەستکرد و درۆینەن، بەڵام کەس بۆی نییە ئەم شتە بڵێت.» سەیر ئەوەیە کەسێکی سیاسییان لە لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەوزەکان (لایەنگرانی ژینگە) خستووەتە لاوە تەنها لەبەر ئەوەی وتوویەتی ئەم ژوورە گازە دەستکرد و درۆینانە دەبێ لا ببرێن. کە مرۆڤ ئەم شتانە ئەبیستێ سەری سووڕدەمێنێ.

***بەڵام تۆ هەموو کات پێوەندیت بە مێژووەوە بووە. لێرەدایە نووسەر وەک ئافرێنەری مێژووی نوێ دەردەکەوێ.**

-من لە «ریفلێکسی ئاوێنە»دا بەسەرهاتی پاپۆرێکی جەنگی دەگێڕمەوە بە ناوی Aurore کە لە سەن پێترێزبۆرگ، بەرامبەر بە کۆشکی زستانەی تێزار لەنگەری خستووەو بەرامبەر بە مێژووی رەسمیی رووسیا بەرەو کۆشکی تێزار تەقە دەکات. بەڵام سەرجەم مێژوونووسانی رووس باسیان لەوە کردووە

ئەگەر کەسێک لای وایە ئەوە شتێکی سروشتییە پیاوان بەسەر ژناندا زاڵ بن و ئارییاییەکان فەرمان بدەن بەسەر جوولەکەکاندا، لە دونیا بێئاگایە و لە دونیای وەهم و خەیاڵدایەو بەم زووانە لەم دونیا وەهمییە نایەتە دەرەوە

ئەم پاپۆرە جەنگییە لەوێ نەبووە، ئەم پاپۆرە جەنگییە سەر بە یەکەیەکی گەورەی سەربازی بووە، کە لە ئۆقیانووسی ئارامدا لە جەمسەرێکی تری رووسیا سەقامگیر بووە. ستالین سەرجەم ئەو مێژوونووسانەی دوور دەخستەوە کە باسیان لە حەقیقەت دەکرد.

***بەڵام لە سەردەمێکداین مێژوو ئیتر باس لە یۆتۆپیا ناکات. ئاخۆ نووسەر دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی زمان وێنایەک لە یۆتۆپیا دروست بکات؟**

-دەڵێی مێژوو ئیتر یۆتۆپیای نییە؟ بەڵام هێشتا ئایین پێناسەکەر و دەرخەری یۆتۆپیایە. قەت ئەوە روو نادات کە سەرجەم ئایدیۆلۆژیاکان لە ناو بچن.

***رستەیەکی رۆلان بارتم هاتەوە یاد کە دەربارەی مێژوو وتوویەتی: «نووسراوەی ئەدەبی لە دەروونی خۆیدا، هەم هەڵگری لەخۆ نامۆبوونی مێژووەو هەم هەڵگری خەونی مێژوو». ئەمرۆکە کەسانێک باس لە کۆتایی مێژوو دەکەن.**

-من بڕوام بە کۆتایی مێژوو نییە.

***بەڵام بە لای ئەو نووسەرەوە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەنووسێت، دەبێ دژوار بێت بیەوێ باس لە ئەخلاقی نووسین بکات، بەتایبەت ئەوەی جۆری جیاوازی نووسین دەبینین، تەنانەت لە ئاستی نووسینی ژۆرنالیستیدا.**

-رەنگە بە کردەوە وەها شتێک بوونی نەبێت. بەڵام سەرهەڵدانیشی شتێکی مەحاڵ نییە.

***ئاخۆ ئەم پرسە قەت ئازاری نەداوە؟**

-بە هیچ شێوەیەک، لەبەر ئەوەی من دژ بە هەر جۆرە ئایدۆلۆژیایەکم.

***بەتایبەت ئەوەی تۆ پرسی بەرپرسایەتی لە رێگەی نووسینەوە دێنیتە گۆڕ...**

-ئایدۆلۆژیای ئەدەب خودی ئەدەبە.

***بەڵام ئەدەب تا چەند دەتوانێت بمێنێتەوەو لەناو نەچێت، لەبەر ئەوەی چەندین جۆر نووسین دروست بووەو تەنانەت باس لە کۆتایی چاخی رۆمان دەکرێت؟**

-ئەم بۆچوونە هیچ بەهایەکی نییە. دەیانگوت دوای رۆمانی نوێ شتێکی تر بوونی نییە. بەڵام وا نییە. رۆماننووسانێکی زۆر هەن کە کاری سەرکەوتوانەیان بڵاوکردووەتەوەو رۆمانی نوێش نانووسن، بۆ وێنە ژان-فلیپ توسن، یان پاول ئاستێری ئەمریکایی، کە هەردووکیان رۆماننووسانێکی گەنجن و داهاتوویەکی گەشیان لە بەردەمدایە. کەڵکەڵەی سەرەکی لای پاول ئاستێر پرسی «دوانەیی» (Double)ەو ئەمە ئەو شتەیە کە دەتوانێت رۆمانی سەرکەوتووی لێ بکەوێتەوەو ببێت بە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک رۆمانی گەورە.

***لە ناو نووسەرە بیانییەکاندا کەسێک هەیە زۆر سەرنجت رابکێشێت؟**

-من بە زۆری ئەو نووسەرانەم خۆش ناوێ کە دەنگە دەنگی زۆر لە سەر بەرهەمەکانیان دەکەوێتەوە، بۆ وێنە گارسیا مارکێزم خۆش ناوێت. مارکێز لە کوبا ڤیلایەکی رازاوەو جوانی هەیە. هەموو منداڵەکانی لە ئەمریکا دەخوێنن. سەرەنجام ئەو بە تەواوی دژ بە ئەمریکایە. بە لای منەوە مارکێز نووسەرێکی گەورە نییە، بەڵام وەک کورتاسار بە نووسەرێکی گەورە ناوی دەبرێت. نووسەرانێکی تریش هەبوون لە ئەمریکا کە زۆر دەنگە دەنگیان دەکرد و نووسینەکانیان زۆر قسەی دەکەوتەوە، بۆ وێنە نۆرمەن میلەر، ڤیلیان ستایرۆن. هەڵبەت من لایەنگری لە مارکێز دەکەم. بەڵام لام وایە مارکێز

# من ڕێزی زۆرم هەیە بۆ ژان گۆدار، بەڵام ئەو ڕێزێکی زۆری نییە بۆ من

نووسەرێکی گەورە نییە. ناباکۆف گەورەترین نووسەری ئەم بەرەیە بوو، نووسەرێکی مەزن. ئێستا دەکرێت باس لە پاوڵ ئاستێر بکەین.

***ئەی نووسەرە ژاپۆنییەکان؟**

-ناوی هەندێکیان لە مێشکم دایە. بەرهەمەکانی یەکیانم زۆر بە دڵ بوو، ماوەیەک لەوە پێش مرد، ناوێکی خۆشی هەبوو (ئابە کووبۆ).

من تەنانەت گەڵاڵەی کتێبێکم داڕشتبوو بڕیاربوو بە هاوکاریی کووبۆ پێکەوە تەواوی بکەین. بڕیاربوو کووبۆ ڕەسمی کتێبەکان ئامادە بکات.

***با بێینە سەر پێوەندیی تۆ و سینەما.**

-دەرهێنەرەکان دژوار دەتوانن فیلمەکانی من بەرهەم بهێنن، لەبەر ئەوەی زۆری تێدەچێت. هەڵبەت ژمارەیەک بەردەنگ و وەرگرم هەیە، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە و ئەمە بەس نییە. بەتایبەت دەربارەی ئەو فیلمانەی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن تێچووی هەیە.

***هیچ گەڵاڵەیەکت بە دەستەوە هەیە؟**

-بەڵێ دوو گەڵاڵەم هەیە کە تا ڕادەیەکی باش چووەتە پێشەوە. سەرمایەکەشیان پەسەند کراوە، بەڵام ئەم پێشە ئیتر ئەو بەها و ئەرزشەی پێشتری نییە. ئەو فیلمەی کە کاتی پیشدانەکەی نزیکە و هەر ئەم بەهارە دەبوو وێنەهەڵگرتنمان دەست پێ کردبا، بەڵام بەهۆی جەنگی کامبۆجەوە کەوتە دواوەو دەبێ سەر لە نوێ دەست پێ بکەینەوە. ئەم فیلمە چیرۆکئامێزە دەبێ لە کامبۆج دروست بکرێت، بەڵام ڕووداوەکانی بە هیچ شێوەیەک لەوێ ڕوو نادات. تەنها بەهۆی دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی کامبۆجەوە ئەوێمان هەڵبژاردووە. فیلمەکەی تر زیاتر باس هەڵگرە، هونەرمەندی سەرەکیی فیلمەکە کامبۆج ژان یانە، هەڵبەت شتێکی نەریتییە. بەڵام

ئەکتەری یەکەمی فیلمەکی تر مایکل ئانجیلۆ ئانتۆنینییە. مایکل ئانجیلۆ ئیفلیجەو ئەوە بۆ حەوت ساڵ دەچێت هیچ فیلمێکی بەرهەم نەهێناوە. مایکل ئانجیلۆ لەم فیلمەدا دەوری ئەفسەرێکی ئەرتەشی هەیە، کە بە قورسی بریندار بووەو ئیتر ناتوانێت قسە بکات.

***بۆچی ئانتۆنیۆنیت هەڵبژارد؟ سینەمای ئانتۆنیۆنیت بە دڵە؟**

-بەڵێ، بە دڵنیاییەوە. تەنانەت کاتی خۆی دەقی فیلمێکم بۆی نووسی، ڕاست دوای «ساڵی ڕابردوو لە مارین باد» بەڵام ئەم گەڵاڵەیە جێبەجێ نەکرا. ئەوەی ڕاستی بێت ئالێن ڕێنە داوای کردم فیلمەکە بۆ ئانتۆنیۆنی وەسف بکەم. من چیرۆکی فیلمەکەم بۆ نەگێڕایەوە. لە ڕاستیدا کتێبێکی فیلمهەڵگرتنم نووسی، واتە ئەو شتەی بینەرەکان دەیبینن، پلان بە پلان نووسیم. بەڵام دەربارەی ئانتۆنیۆنی شتەکە بە تەواوی جیاواز بوو، بە تەواوی شتێکی تر بوو. ئانتۆنیۆنی کەسێکی پێویست بوو چیرۆکێکی بۆ بگێڕیتەوە. کە خەریک بووین بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی فیلمەکە قسەمان دەکرد هەموو شتێک بە باشی دەچووە پێش و کێشەیەکمان نەبوو. بەڵام کە باسمان لە وردەکارییەکان دەکرد، ئانتۆنیۆنی قسەکەی پێ بڕیم و وتی : «تۆ چیرۆکێکم بۆ بگێڕەوە بۆ ئەوەی پێت بڵێم کاتی دروستکردنی فیلمەکە دەبێ چ بکرێت.» پێم گوت : «ناتوانم، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی خەریکی نووسینی فیلمنامەیەکم و لە سەر فیلمێک کار دەکەم، بیر لەوەش دەکەمەوە لە کاتی وێنەهەڵگرتن و دروستکردندا دەبێ چ بکرێت.» بەڵام ئالان ڕێنە بە پێچەوانەی ئانتۆنیۆنی قسەکەی

من بە زۆری ئەو نووسەرانەم خۆش ناوێ کە دەنگە دەنگی زۆر لە سەر بەرهەمەکانیان دەکەوێتەوە، بۆ وێنە گارسیا مارکێزم خۆش ناوێت. مارکێز لە کوبا ڤیلایەکی ڕازاوەو جوانی هەیە. هەموو منداڵەکانی لە ئەمریکا دەخوێنن. سەرەنجام ئەو بە تەواوی دژ بە ئەمریکایە. بە لای منەوە مارکێز نووسەرێکی گەورە نییە

لێ وەرگرتم و بە بۆچوونەکەی من رازی بوو.

***چۆن بوو ویستت لەگەڵ ئالین رێنە کار بکەی و هاوکاری بکەی لەگەڵی؟ من ئەمەم پێ سەیرە لەبەر ئەوەی خۆت دەتوانی کاری وێنەهەڵگرتن ئەنجام بدەی.**

-بەڵێ، بەڵام من بەتایبەتی ئەم فیلمەم بۆ رێنە نووسی. تراولینگە درێژەکانیشم لەسەر کاغەز دیاری کرد، بەڵام ئالان بەکاری نەهێنان. بەهەرحاڵ شوێن پەنجەی رێنە لەم کارەدا بە تەواوی روون و ئاشکرا بوو.

***سەرچاوەی حەزی تۆ بۆ وێنە و سینەما بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

-زۆرن ئەوانەی حەز دەکەم لە کاری سینەمادا بن و فیلم دروست بکەن. منیش بیرم لەوە دەکردەوە فیلم دروست بکەم. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو دەرفەتەیان بۆ خولقاندم بەوەی ئەم کارە بکەم. بەمەشەوە، ئەو دەرهێنەرەی هەموو فیلمە سەرەتاییەکانی بەرهەم دەهێنام، لەگەڵ وڵاتانی تر گرێبەستی دەبەست. من بە زۆری فیلمەکانم لە دەرەوە دروست کردووە. یەکێک لە فیلمەکانم لە ئێستانبووڵ دروستکرا. لەوێ لەگەڵ کچێکی گەنج ئاشنابووم و ئەم کچە دواتر بوو بە هاوسەر و هاوژیانم. هەر ئەم پێوەندییە بە شێوەیەک لە تورکیای نزیک کردمەوەو وای کرد ئەم وڵاتەم خۆش بوێت. دواتر یەکێک لە فیلمەکانم لە بەلژیکا دروست کرد، لە بەر ئەوەی توانا و ئیمکانی زۆریان هەبوو. دوو فیلمی ترم لە چێکوسلۆڤاکیا بەرهەم هێنا لەبەر ئەوەی بەرپرسانی سینەمای ئەم وڵاتە فیلمەکانی منیان بە دڵ بوو. تەنانەت نامیرا (LImmortelle)شیان وەرگێڕایەوە سەر زمانی سلۆڤاکی. فیلمە دووهەمەکەم لە توونس وێنەکەی هەڵگیرا. بەسەرهاتەکە بەم شێوە بوو، وەزیری رۆشنبیریی بوورقیبە کارەکانی منی زۆر بە دڵ بوو و داوای لێکردم وێنە هەڵگرتنی فیلمەکەم لە توونس ئەنجام بدەم. بە کورتی چەند وڵاتێک هەبوون کە دەرفەتیان بۆ دەخولقاندم بەوەی کە بەشداری بکەن لە بەرهەمهێنانی فیلمەکانمدا. هەڵبەت کامبۆج ئێستا ناتوانێ وەها دەورێک بگێڕێت، لە بەر ئەوەی وڵاتێکی هەژارەو پارەی نییە. پیشەسازیی فیلم بەرهەمهێنان لە کامبۆج هیچ بەهایەکی پێ نادرێ و دەبێ هەموو کەرەسە پێویستییەکان بگوازمەوە بۆ ئەو وڵاتە، ئەم کارەش زۆر دژوارە.

***قەت بیرت لەوە کردووەتەوە لەگەڵ ژان گۆدار کار بکەی و هاوکاریتان ببێت پێکەوە؟ لەبەر ئەوەی کارەکانی ژان گۆدار لە ریزی یەکەم شەپۆلی نوێدایە.**

-من رێزی زۆرم هەیە بۆ ژان گۆدار، بەڵام ئەو رێزێکی زۆری نییە بۆ من. لە راستیدا دەکرێ بڵێم هیچ رێزێکی نییە بۆ من. سەیر ئەوەیە هەرکات فیلمێک دروست دەکەم گۆدار یەکەم کەسە کە فیلمەکانم دەبینێ. لام وایە بە شێوەیەک خۆی بە دوور دەگرێت و خۆی بە دوور دەگرێت لێیان.

***لات وایە لە ناو شەپۆل نوێیەکانی سینەمادا گۆدار لە هەموان رادیکاڵترە؟**

-بەهۆی رادیکاڵ بوونییەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە گۆدار سەیرترین دەرهێنەری شەپۆلی نوێیە. سینەمای ترۆفۆ یان شابرۆل بە هیچ شێوەیەک سەر بە شەپۆلی نوێ نییە و بە تەواوی سەر بە سینەمای ریالیستی نەریتییە.

***زۆر کەس رۆمانی نوێ لەگەڵ شەپۆلی نوێ بەراورد دەکەن..**

-هەڵبەت بەرهەمەکانی گۆدار نزیکایەتییەکی هەیە

لە گەڵ ڕۆمانی نوێ، بەڵام بەرهەمی کەسانێکی وەک شابرۆل هیچ وەک ڕۆمانی نوێ ناچێت، سینەمای شابرۆل زۆر نەریتییە. ئێریک ڕۆمێر جۆرێک نهیلیسمی سینەمایی هەیە، جۆرێک چەنەبازیی تەواو.

***کام یەک لە دەرهێنەرە بیانییەکان پەسەند دەکەی؟**

-بۆ وێنە ئانتۆنیۆنی کە هەموو بەرهەمەکانی بەلامەوە جێگەی سەرنجە. هەروەها فیلینی کە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی سەرنجی ڕاکێشاوم و لەو فیلمە بیانییانەی کە لەم دواییانەدا بەرهەم هاتووە، دەکرێت باس لە فیلمی «ئوروپا» بکەم کە لە فەرەنسا هەرایەکی گەورەی لێ کەوتەوە.

***ئەی ستڕۆب و گارل چی؟ بەرهەمەکانی ئەوانت بە دڵە؟**

-ستڕۆب نەخێر. بەڵام گارۆب تۆزێک. بەڵام ستڕۆب نا. کارەکانی ستڕۆب قورسن. ستڕۆب فیلمی فێرکاری دروست دەکات. بەڵام ئەو تەنزەی گۆداری تێدا نییە... ڕەنگە بەرهەمەکانی ستڕۆب سەرنجی تۆ ڕابکێشێت، بەڵام بۆ من وا نییە.

***بەڵێ، کارەکانی بەلای منەوە سەرنجڕاکێشن. ئەی وێندرس و گریناوی چی؟**

-بەرهەمەکانی گریناویم بە دڵە، بەڵام لام وایە زۆر قسە دەکات. وێندرس، بەڵێ، بەڵام سێ فیلمی دواییم بە دڵ نەبوو.

***واتە فیلمە سەرەتاییەکانیت بە دڵە؟**

-سەرجەم فیلمەکانی ئەو، بەتایبەت فیلمی پاریس-تێکزاس.

***کاری کام دەرهێنەر زیاتر بە ڕۆحی تۆوە نزیکەو هەست بە نزیکایەتی دەکەی لەگەڵی؟**

-بۆ وێنە وێندرس، تا کۆتایی جیهان، هەموو بەشی یەکەمی فیلمەکەیم بە دڵە، زۆر وەک فیلمی هاوڕێی ئەمریکایی دەچێت. بەڵام بەشی دووهەمی فیلمەکەم بەلاوە قورس بوو. کە وێندرس دەست دەکات بە بیرکردنەوە، زۆر وەک ئەو شتە دەچێت لە ئەڵمانیا پێی دەڵێن «فەلسەفەی تراموائی.»

***تۆ حەزت لە شێوەکاریشە؟**

-بەڵێ، پۆرترێتێکی سیلویا کریستێلم کێشاوە. تۆ بڕوانە، کۆلاژێکم لێ دروست کردووە. لە بەر ئەوەی ئەم ژۆڕناڵە بۆیە کراوە، لە هەر دوو لایەوە دەبینرێ.

***کاری کۆلاژ زۆر دەکەی؟**

-نا زیاتر بۆ سەرقاڵی و کات پڕکردنەوە ئەم کارە دەکەم. شێوەکاری جۆرێک بۆ من کات پڕکردنەوەو کات بەسەر بردنە.

***ئەی فۆتۆگرافی؟**

-کاری فۆتۆگرافیش دەکەم، بەڵام نەک فۆتۆگرافیی هونەری. فۆتۆ ژۆڕناڵیی زۆرم گرتووە، بۆ وێنە لە کامبۆج.

***بەڵام دوایین پرسیار: ڕۆمانێکی نوێت بەدەستەوەیە؟**

-بەڵێ، خەریکی نووسینی بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانمم، بەڵام زۆر بە پەلە نیم. لەبەر ئەوەی بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانم بە ناوی کۆرنت تازە چاپ بووە.

هاوینی ١٩٩٣

**سەرچاوە:**

مصاحبه با الن رب گریه

http://www.dibache.com